# نیچە بـــــــوونی مەحوی

هیوا عەلی ڕەشید



نیچە

**دەلاقەیەکی مێژوویی (تیۆری) :**

گوومان لەوەدا نییە بەراوردکردنی دووشاعیر، یان دوو بیریار لەدوو وڵاتی تەواوجیاواز لەگەڵ یەکتردا کارێکی ئێجگار سەخت و دژوارە، تەنانەت هەندێجار لەسنووری مەحاڵیش دەچێتە دەرەوە، دوو بیریار یان با بڵێین دوو شاعیر، کە کەسیان زمانی ئەوی تریان نەزانیوەو کەسیان بەخەونیش ئاشنای یەکتر نەبوون و ناوی یەکتریان نەبیستووە، تەنانەت دەتوانین بڵێین لەکۆنەستی هیچ یەکێکیاندا ئەویدی حزووری نییە. بەڵام ئەدەب و ئایدیاو فەلسەفەکان چەند دوور بن لە یەک، چەند نامۆو نیگەرانبن لە یەک، بەڵام کۆمەڵێک هێڵی گشتی هەیە کە مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو بەیەکیانەوە گرێدەدات، یان کۆمەڵێک ڕایەڵ هەیە کە مرۆڤەکان دەبەستنەوە بەچەند جەمسەرێکەوەو لە خاڵێکدا بەیەکدەگەنەوە، دەتوانین بڵێین کاریگەریی هەمیشە هەیە جا چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، هەندێجار کاریگەریەکان بە ئاشکرایی لە نێوان دوو شاعیر، دوو نووسەر، دوو فەیلەسوف دەردەکەوێت، کە ئەمەش بەهۆی خوێندنەوەو تێرامان و یەکگرتنەوەی بیروبۆچونەکانەوە دروستدەبن، لە بەرهەمەکانیاندا بەئاشکرا هەست بەو لێکنزیکبوونەوەیە دەکرێت، بەڵام زۆر جاریش ئەو دوو شاعیر و نووسەرو بیریارە کەسیان ئاشنای کولتوورو دابونەریت و ناوی یەکتری نین و هیچ یەکێکیان بەرهەمی ئەوی تریانی نەخوێندووەتەوە، بەڵام بەخوێندنەوەی بەرهەمیان هەست بەو نزیکبوونەوەیە دەکرێت کە لەنێوان دوو بەرهەمەکەدایەو ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوون و تێڕوانین و ئایدیاکانە، وەکو چۆن دەوترێت {تێکستێک نییە لەم جیهانە لە ئامێزی تێکستێکی ترەوە دروست نەبووبێت}.

بۆیە ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەماندا پشتمان بەهەمان گوتە بەستووەو بەدوای سەرەداوەکانی ئەم باسەدا دەڕۆین، تابتوانین ئەنجامێکی دروست و قەناعەتپێکەر بەدەستەوەبدەین و هەردوو بیریارەکەش (شاعیرەکە) لەگۆڕەکانیاندا شادبکەین.

گومانی تێدانییە (نیچە) وەک فەیلەسوفێکی بەقەهری خۆرئاوا و هەڵکۆڵەرێکی قووڵی بیری مرۆڤایەتی وەکو شاعیرێکی جەربەزە و بەخەیاڵ ئاشنای کولتووری ڕۆژهەڵات بووەو سەراسیمەی ئەو فەلسەفانە بووە کە لەو مەیدانەدا لە ئارادابوون، بەتایبەتی فەلسەفەی (زەردەشت) ی و (بووزی)........ هتد، بۆیە

نزیکیی فەلسەفەی (نیچە) لەفەلسەفەی خۆرهەڵاتەوە بەتایبەت (زەردەشت)، وایکردووە کە نەتوانێت خۆی لێ دابڕبکات و کاریگەریی بەسەرەوە نەبێت. بۆیە دەبینین (نیچە) فەلسەفەی (زەردەشت) لە ناوەوەیدا هەڵدەقولێت و زۆرجار (زەردەشت) لەناو (نیچە) دا قسەدەکات و بیرو ڕاوبۆچونەکانی ژیان فرێدەداتە دەرەوە، هەرلەبەر ئەوەشە دەتوانین فەلسەفەی ( نیچە) بەفەلسەفەیەکی خۆرهەڵاتیی بەزمانی خۆرئاوایی (ئەڵمانی) دابنێین و تیشکێکی خۆمانی بگرینە سەر، ئاشکرایە ئەوسەردەمەی (نیچە) ی تیاژیاوە کەم تازۆر لەگەڵیک ڕووەوە لەو سەردەم و قۆناغە دەچێت کە (مەحوی) ی شاعیری لێ ژیاوە، هەموو ئەو ڕووداوانە بەواتایتر لەوێ واخۆیان دووبارە کردۆتەوە لەسەردەمی (نیچە ) دا ئەوروپا (خۆرئاوا) لەململانێیەکی توندوتیژدابووەو لەبگرەو بێنەیەکی بێئاماندا بووە، قۆناغێک بووە کە (ئامێر ) بەتەواوی باڵی کێشابوو بەسەر هەموو لایەنێکی ژیانداو لەهەموو کونج و کەلەبەرێکدا ئەقڵی ئامێرجێگەی خۆی کردبووەوەو دوربینیی خۆی گرتبووە ئەو شوێنە. بۆیە ئەقڵی (ئامێر) بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەقڵی (بیرکەرەوە)ی گرتبووەوەو دیسپلینی تەواوی کایە جیاوازەکانی کردبوو بە ئەقڵیشەوە، ئەقڵی (ئامێر) ئەو ئەقڵەبوو کە مرۆڤی خۆرئاوایی شانازیيان پێوەدەکرد و بەدەستکەوتێکی گەورەی خۆیان لەقەڵەم دەداو شانازییەکی تەواویان پێوەدەکرد، بۆیە ئەو ئەقڵە (ئەقڵی ئامێر) هێدی هێدی خۆی خزاندە ناو ئەقڵی مرۆڤەکانەوەو ئەقڵی ئامێر جڵەوکێشی هەموو پەیوەندییەکانی کردو مرۆڤ وەکو ڕۆبۆتێک بەسەرزەویدا دەڕۆیشت، بێبەزەیی، بێفرمێسک، بێبیرکردنەوە، بێسۆز، بێ هەست، مۆراڵ بێ خودا تەواوی جەستەی بریتیبووە لە ئیسپرینگ و پارچەی ئامێرو وەک جەستەیەکی بێرۆح بەسەر زەویدا ئەهات و ئەچوو، بۆیە (نیچە) ناچاربووە لەکتێبی (دانایی شاد)دا بنووسێت* "بەدرێژایی ئەو قەیرانە مەزنانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، ئەقڵ جگە لەهەڵە هیچیتریان بەرهەمنەهێناوە، ئەو هەڵانەش چەسپێنراون کە سوودبەخشن، توانای پاراستنی جۆریان هەیە " [1].

لەم گوتەیەی (نیچە) وە ئەو ئەقڵەمان بۆ دەردەکەوێت کە چەند بە خراپ بەسەر مرۆڤدا شکایەوەو چەند مرۆڤی لە خووە پاکەکان دابڕی و چەند مرۆڤی کۆیلەکرد، بۆیە (نیچە) دەگاتە ئەو حاڵەتەی بەم جۆرە تیغی تیژی بەبرشتی تێببرێتو بەم سەختییە لۆمەی بکات و هەرچی تاوان و گرفتاربوون و ئالودەبوونی مرۆڤ هەیە بنیشێتەوە بە ناو چاوانیداو بەتەواوی سەرکۆنەی بکات و هەموو زامێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی بخاتە پاڵ، هەر ئەم ئەقڵە بە کۆیلەکەرە بوو کە لە ژیاندا حەقیقەتی نەهێشت و حەقیقەتی کرد بە گومان و گومانێتی کرد بەحەقیقەت، بۆیە (نیچە) سەرسەختانە دژی ئەو حەقیقەتە دەوەستێتەوە و بەتەواوی و بێبەزەییانە پەنجەی تاوانی بۆدرێژ دەکات و دەگاتە ڕادەیەک گومان لە بونییەتی بکات و لە ناو بازنەی کارە فەلسەفییەکانیدا شاربەدەری بکات و مۆری خیانەتی بداتەپاڵ، (نیچە) ئەو حەقیقەتە ئیفلیجە بە دەرهاویشتەی ئەو ئەقڵە بە بەرد بووە دادەنێت و بە ئینفرازاتی بەو ئەقڵە لێکەوتەیە دادەنێت کە ناتوانێت خۆی بەڕێوە ببات و هەتا لە سەرەوە پەیامی بۆ ڕەوانە نەکەن، بۆیە شێوەیەک، پێگەیەک بۆ حەقیقەت لەبیردا ناهێڵێتەوە و فڕێی دەداتە ناو چاڵی نەهلیستیی خۆیەوە، (نیچە) موتڵەقیەتی پەتیی لەحەقیقەت دەسێنێتەوەو ناسنامەی ڕێژەیی پێدەبەخشێت، کە ئەویش بە مانفێستێکی سەرەکیی (پۆستمۆدێرنەکان) دادەنرێت، بۆیە (نیچە) باوەڕی بە ڕێژەی حەقیقەت هێناو ڕەهایی لێداماڵی و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی خۆیدا سڕییەوە.

سەرباری ئەمانەش ململانێی فیکری و فەلسەفی تەواوی ئەو دیدانەی گرتبووەوەو تەواوی ئەقڵی خۆرئاوایی تووشی جەنجاڵیو بێ سەرەوبەرەیی کردبوو، تەنانەت زۆرجار فەلسەفەکان تێکەڵ بە یەکتردەبوون و لە جیاتی یەکتر مناقەشەیان دەکرد

ڕەخنەیان لەیەکتری دەگرت، ئەقڵی ترانسدێنتاڵی (کانت) هێشتا ئاسەواری مابوو (نۆمینە) (مینۆمین) هێشتا ئەقڵی مرۆڤی خۆرئاوایان بەنج دەکرد هێشتا تۆڕی بیرکردنەوەی ڕاشیۆتان لیستی بڵاودەکردەوە.

سەرباری ئەمەش تێزە سیاسییەکانی (ڕۆسۆ) و (مۆنتیسکیۆ) و (لوک) و (هۆبز)...... هتد کە هەریەکەیان داوای جۆرێک دەسەڵاتیان دەکردو هەریەکەیان بەجۆرێک مەراییان لەبەر دەسەڵاتدا دەکردو بەجۆرێک پیایان هەڵدەداوە ئەم دەسەڵاتەیان بەدیموکراسی دادەناو ئەوی تریان بە کۆنسەرڤاتیڤ و بەئەقڵی کۆن دادەناو ئەویان بەتۆتالیتاری و ئەویان بە دیکتاتۆر دادەنا، مشتومڕی نێوان جۆری دەسەڵات و هاتنەسەرکاری یاسا تەواوی ئەورووپای توشی پەشۆکاوی کردووە، مرۆڤەکانیان لەچاڵی بیر کردنەوەدا گلدابووەوەو نە ئەوە بوو دەریان بهێنن، نە ئەوە بوو خۆڵیان بەسەردا بکەن لەو گێژاوە دەربازیان بکەن. سەرەڕای ئەوەش (مارکس) و بیرو بۆچوونە سۆسیالیستەکانی هەوڵی ئەو و (ئینگڵز) بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی سەرمایەداری و هاتنە سەر حوکمی چینی پرۆلیتارو دروستکردنی کەشێکی یۆتۆپیی دوور لە واقیع ئەوەندەیتر باری سیاسیی ئەورووپای خستبووە گێژەنەوە مرۆڤی لە ناو گۆماوێکی لیلی ئایدۆلۆژیدا هێشتەوە کە دەرهینانی مەحاڵ بوو، بۆیە (نیچە) بێزاریی تەواوی بەرامبەر بەو سەردەمە پڕ جەنجاڵییە دەربڕی و ئاڵای (نەء)ی بۆ بەرزکردووەتەوەو مرۆڤی لە فاکوفیکی هەموو ئەو میحنەت و تراژیدیانە ئاگادارکردەوە، بۆیە ئازار گەیشتە دڵی و بەو جۆرە میحنەتی خۆی بەرامبەر جۆرەکانی دەسەڵات دەربڕی *"سۆسیالیزم و دیموکراسی تەنها دەبنە شێوەیەکیتری ڕەوشتی میگەل بەدرێژەپێدەری ڕەوشتی مەسیحی دادەنرێت".[٢]، بۆیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕستەیەک لە تێزەکانی (مارکس و ئینگڵز)ی نەخوێندەوە"[٣]، هەربۆیە نیچە سۆسیالیزمی بەبەرهەمی ئەخلاقی مێگەل دایە قەڵەم، چونکە ئاشکرایە لەسۆسیالیزمدا مرۆڤەکان لە ناو سیستەمێکی فرەلایەنیی کۆمەڵایەتیدا بەتەواوی دەتوێتەوەو هیچ هەناسەیەک بۆ تاک ناهێڵێتەوەو وجودی تاک لەناو بۆتەی کۆمەڵگەدا لەخاچ دەدرێت و تاک هیچ حەقیقەتێکی نامێنێت و لەهاوکێشەی ژیاندا تەرا دەکرێت و هیچ ڕۆڵێک بۆ هاوسەنگکردنی کۆمەڵگە ناگێڕێت لەناو بەکۆمەڵگەییبووندا دەشێوێنرێت، بۆیە (نیچە) ئەو سیستەمی حکومڕانییە بە ئەخلاقی مێگەل دەشوبهێنێت، فەلسەفە تاکخوازییەکەی خۆی بڵاودەکاتەوەو دەنگی تاک دەگەیەنێتە گوێچکەی جڤات و پێی ڕادەگەیەنێت کە تاک مافی ئەوەی هەیە کە خۆی حوکمڕانیی خۆی بکات نەک لەناو جامی جڤاتدا تێکەڵبکرێت و ئاسەواری بە تەواوی بزر بێت، بۆیە ( نیچە) سەرسەختانە بەرەنگاری ئەو بارودۆخە بووەوە (ویستی هێزی) ڕاگەیاند کە بەرهەمی ئیرادەی تاکەکەسەو مەزنی و لێوەشاوەیی تاکە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەو توانینی ئەوە بۆ ترازاندنی شتە چەسپاوو نەگۆڕەکان.

بۆچوونی ( نیچە ) لەمەڕگرنگیدان بەتاکەکەس و فەرامۆشکردنی بەرژەوەندیی مێگەل وای لەم فەیلەسوفە کردووە کە فەلسەفەی {جۆن ستوارت میل} کە بە فەلسەفەی سودبەخشی ناسراوە بە (فەلسەفەی بەراز)ی دابنێت، سەرەڕای ئەوەش ئەم فەلسەفەیە بە ناتەواو دەزانێت، چونکە دەیەوێت "{کۆمەڵگە بکرێتە کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانی ماددی، بەڵام بەبێ خەون و خەیاڵ}"[٤].

سەرەڕای ئەوەش بزوتنەوەی ڕۆشنگەری و ململانێی توندی ڕۆمانسییەکان لەگەڵ بزوتنەوەی ڕۆشنگەریدا ئاژاوەیەکی قورسی نابووەوە سەرباری ئەوەش فەلسەفەی (پۆزەتیڤیزم) کە دامەزرێنەرەکەی (ئۆگست کۆنت) بوو دژی هەموو بیرۆکەو بیرو بۆچوونێکی میتافیزیکی و لەواقیع بەدەربوو، بۆیە بانگەشەی

ئەوەیان دەکرد کە مرۆڤ پێویستە ژیان لەسەر ئەزمون و واقیعی خۆی ڕێکبخات و لەسەر سیستەمی لێکدانەوەی خۆی بەڕێوە ببات و دووربکەوێتەوە لەهەموو بیرو بۆچونێکی یۆتۆپی و لە خەیاڵ و لەبیرکردنەوە بەدەر، هەربۆیە (ئۆگۆست کۆنت) ی دامەزرێنەری (پۆزەتیڤیستەکان) لەم بارەوە دەڵێت: پاش ئەوەی ئەقڵی مرۆڤایەتی دان بەوەدا دەنێت کە مەحاڵە بتوانرێت چەمکە ڕەهاکان دەستگیر بکرێت، لەبەر ئەوە ئەقڵ واز لەوە دێنێت کە بنچینەی گێتی و زانینی فاکتەرەکان ئەودیو دیاردەکان بکۆڵێتەوە، ئەقڵ تەنیا بەوە وازدێنێت ئەو یاسا سەرەکیانە بدۆزێتەوە کە دیاردەکان بەڕێوە دەبەن، ئەویش لەڕێگای تێبینیکردن و بیرکردنەوەوە"[٥]، گرنگیدانی پۆزەتیڤیستەکان بەئامێرو سودو ئەزموون و کۆنترۆڵکردنی ژیان لەسەر سیستەمی بەئامێربوون و بەکارهێنانی بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکان و لەم لاشەوە ڕەفزی توندوتیژی ڕۆمانسیەکان لێیان بۆ ئەوەی مرۆڤ بخزێننە ناو قۆزاخەی خەون و خەیاڵ و بەتەواوی لە هەموو بیرکردنەوەیەکی دابڕان و لەناو ئاسمانی ئەندێشەی خۆش باڵا هەرلنگەفرتێ بکەن، سەرباری ئەوەش فەلسەفەی (هیگڵ) کە لەو سەردەمەدا زۆر دەخوێنرایەوە و هەوادارانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیاتردا دەبوون، ئاشکراشە کە (هیگڵ) فەلسەفەکەی لەسەر بنچینەی ڕەهایەتی ئەقڵ و ڕۆح داناوە و ئایینی مەسیحی بەسەختی لەناو فەلسەفەکەیدا ئامادەیی هەیەو چەپڵەلێدانی (هیگڵ) بۆ (ناپلیۆن) بۆداگیرکردنی (ینیا)و سەختی و قووڵیی چەمکەکان و گێنگڵدان بەدەست ئازاری خوێندنەوەو لێکتێگەشتنەوە، لەم لاشەوە کتێبی (جیهان وەک ویست و ئیرادە)ی (شۆپنهاوەر)و فەلسەفە تاسەر ئێسقان ڕەشبینییەکەی بە تەواوی مێشکی (نیچە) یان گەمارۆدابوو، وایان لێکردبوو هەمیشە لە نیگەرانییەکی قووڵی بیرکردنەوەدا بژی و هەمیشە لەناو ئازاری مێشک چیاکانی (ئەلب) تەی بکات، تاناچارو لەدواییدا (شۆپنهاوەر)ی قبوڵکردو وەکو خۆی* لای یەکێک لە برادەرەکانی باسیدەکات کە بۆتە شۆپنهاوەری.[٦]

سەرباری ئەوەش ئایینی مەسیح و ژیان لەناو ئافرەتانی خواناسدا (دایکی و خوشکی و دوو پووری) وایلێکرد زیاتر هەست بە گۆشەگیری و تەنیایی و وەڕسبوونی خۆی بکات و بێزاریی قووڵ لە ڕۆحیدا کەڵەکە بێت، لەناو بازنەیەکی مەراقدا بخولێتەوەو بێدەنگی و شەرمنییەکەشی ئەوەندەیتر ناخی پڕبکات لەپشکۆی بێهیوایی و لەژیانی دابڕێت لەناو لیتەی تەنهاییدا نغرۆی بکات و سەرتاپای ژیانی پڕبکات لە ئازار.

(نیچە) لەنامەکەی بۆ دایکی دەنووسێت' من لەخەڵکی ڕاسیستی کاسۆلیکی ئێرە زۆر نیگەرانم، لێرە زۆرجار باوەڕناکەم لەسەدەی نۆزدەهەمدا بژین "[٧].

سەرباری ئەوەش (نیچە) لەمنداڵیدا ئاواتی دەخواست ببێتە قەشەیەکی بچوک و لە کڵێساکاندا نوێژی سێ لایەنە بکات و خاچێکی لە ملدابێت بەدەوری پەیکەری (عیسا)دا وەک پەروانە بەدەوری شەمعدا هەڵبسوڕێ، بۆیە " لەتەمەنی دوانزەساڵیدا گەیشتە ئەوەی کە بڵێت یەزدانم لەو پەڕی گەورەییدا بینیوە".[٨]

کاریگەریی مۆسیقای (ڤاگنەر) و هێرشی عەشقی (لۆ سالۆمی) بۆ سەر دەروونە نەخۆشەکەی و جوانیی و بەنازیی (کۆزیما)ی ژنی (ڤاگنەر) کە ئەو گرێی خۆشەویستیەی لە ناو خۆیدا چەپان هەتاوەکو لەناو جێی نەخۆشی، بەسندوقێکی ئەقڵی شێتیەوە ئەوخەشەی پێ ڕشت و پێیوت (خۆشم ئەوێی......؟.....) حاڵەتی سەختی (نێرڤانا) ی (بووزا) و تەکەبوری قورسی ناخی خۆی کە پڕبوون لە مەرگ و نەهلیستی و پڕبوونی بەشەرابی (دیۆ نیسۆس) و (ئیرادەی هێز)ی خۆی و سەررێژبوونی بە فەلسەفەی دوالیستی (زەردەشت) و درێژ بوونی سمێڵی چەمکە شیعرییەکانی کە دەهاتە سەردەمی، چەمکە فەلسەفییەکانی ئەمانە لە پڕا لەو مێشکە بچوکەدا جێگایان نەبووەوەو هەموویان

ڕژانە خوارێ و بەنێو کتێبە پەرش و بڵاوەکانیدا بڵاوبوونەوەو مێژوویمان پڕکرد لە میحنەت و ئازارێکی قورسی لە فەلسەفەدا جێهێشت، دوای ئیفلیجبوونی دەماغی و کەوتنی لەجێی شێتیدا گرێیەکی قووڵی کردە کەندەڵانی فەلسەفەو بەنەخۆشی مردنیشی گیانی پیرۆزی گەشتە لای ئەو خوایەی کە بەناچاری وایان لێکرد لە فەلسەفەکەیدا (بیمرێنێ) بەمردنی (نیچە) گیانە سوقراتیەکەی دووبارە کردەوە، کە دەبێت مرۆڤ لە پێناوی فەلسەفەکەیدا قوربانی بدات، وەک چۆن (سوقرات) ژەهری هیملۆکی هەڵقوڕاندو ئازارێکی کردە جەستەی فەلسەفەوە کە تا ئێستا دەرمانی بۆ نەدۆزراوەتەوە، (ویڵ دیورانت) لەبارەی (نیچە) وە دەڵێت: "هیچ بیریارێکی بلیمەت نییە بەقەد (نیچە) نرخێکی بەرزی بلیمەتیەکەی خۆی دابێت"[٩]

(کۆڵن ویڵسن): دەڵێت ( نیچە لە هیگڵ گەورەتر دەبوو ئەگەر شێت نەبوایە) بۆیە شێت بوونی (نیچە) لەئازاری تێکچوونی ژیان و لە پەشۆکاوی ئەقڵی مرۆڤایەتیدایە، بۆیە (نیچە) لە ناو ئازار خۆی پێڕانەگیرا بە میحنەتی ژیان و ئەقڵ و بیری مرۆڤایەتی دەستی لە هەموو خۆشیەکانی ژیان شت، ئارەقی لە خۆی حەرام کردو لە ماوەی ژیانیدا جگە لە دووجار دەمی (دیۆ نیسۆس)ی بۆ نەبردو ئارامی ڕۆح جەنجاڵییەکەی پێدەرنەکرد، تامرد لە گۆشەگیرییەکی تراژیدیادا دەژیاو هەربە (بێوەپیاو) ی مایەوە، شەوێک لە ئامێزی ژنێکدا میحنەتەکانی تەنهایی نەڕشت. ئازار بوو، ئەقڵی ئامێر بوو (خودای مراند)و لە بێ موبالاتی تەنهایی، مرۆڤەکانی دوورخستەوەو ناردیەوە بۆ ئەو ئاسمانەی کە هەزارەها مەلائیکەو فریشتە سوجدەی بۆدەبەن و گوێڕایەڵی دەکەن، نەک لەسەر زەوی بێت و هەست بەگۆشەگیری و تەنها بوونی خۆی بکات. مژدەی (سۆپەرمان) ی ڕاگەیاند، ئەو (سۆپەرمان)ەی کە دێت و ژیان لە میحنەت پاکدەکاتەوە و مۆراڵ و دین و ڕەگەزی مەیمونی خۆی فڕێ دەدات و هەموو کاژە سواوەکانی جڤات دەسوتێنێ (گەڕانەوەی سەرمەدی) مانفێستی سەرەکی ( نیچە) بوو بە خەونی دووبارە گەڕانەوە بۆ ژیان و بێزار بوونی لە عەدەمیەت، هەر بۆیە ئێستا بەگەڕانەوەیەکی سەرمەدییانە لە نەستی ئێمەدا خوودی خۆی (نیچە) ئامادەیی هەیە، لەدواییدا بەچڕی لەسەر هەریەکەیان قسەمان هەیە و لێکدانەوەی پێویستی بۆ دەکەین.

(مەحوی) یش وەک و شاعیرێکی گەورە و سۆفییەکی خواناس لە وڵاتی سلێمانییەوە هەمان مێژوو و هەمان تراژیدیی سەردەمی ( نیچە)، بەڵام لە ڕەنگ و ڕوی جیاوازدا دەردەکەوێت، خۆی دەنوێنێ و بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە ژیان و کۆمەڵگە، (مەحوی) بەچاوێکی تێڕامان و هەڵکێشراو لە چاوی ڕۆحەوە بێزارییەکانی کۆمەڵگە لە ئەقڵیدا تاووتوێ دەکات و بە نامۆییەوە دەڕوانێتە ئەو جڤاتەی کە ژیان لەوێدا لەوەستاندنێکی بێئارامدا دێت و دەچێت (مەحوی) لە گێژاوی نێوان تەریقەتەکاندا ( قادری) و (نەقشبەندی) چاوی ناڕەزایی دەپشکوێ و عەبای شیعری ڕەخنە ئەدا بەسەر باڵای بەهرەکانیدا، بە لۆژیکەوە بێزارییەکانی خۆی دەنووسێتەوە.

(مەحوی) وەکو کەسێکی دیندارو بنەماڵەیەکی خواناس کە هەم خۆی خەلیفەی شێخ بەهادینی نەقشبەندی بووە و هەم باوکیشی (مەلاعوسمانی باڵخی) خەلیفەی شێخ عوسمانی جێگری مەولاناخالید بووە، بۆیە ئاشنایی قووڵی ئایین و چەمکە فەلسەفییەکانی بووەو تەریقەتی نەقشبەندی چەشنە تەرزێکی فەلسەفی تێدایە کە ڕەگی ئەم فەلسەفەیە لە تەک فەلسەفە ڕۆژهەڵاتیەکاندا دەبینرێن بەتایبەتی (هیندی و چینی) بۆیە (مەحوی) باش ئاگاداری فەلسەفەکان بووە و لەگەڵ فەلسەفەی ئیسلامیدا ئایدیا قووڵەکانی پێ متووربە کردووە: "تەریقەتی نەقشبەندی خۆی لەخۆیدا دەمارێکی تیژی بیرکردنەوەو فەلسەفەکاریی تێدایە، لەوانەیە بەشێکیشی لە هیندەوە هێنابێ و لە کەلەپووری سامانە فەلسەفیە دەوڵەمەندەکەی ئەو وڵاتەوە بێت"[١٠]

بۆیە ئاشنابوونی (مەحوی) بە فەلسەفەی ژیان و

بەتێڕوانینە ئاکارییەکانی جیهان زیاتر بووەتە هۆی بەپێزکردن و بە قووڵکردنی ئایدیا بەرزەفڕەکانی و بەفەلسەفەکردنی بیرو بۆچوونە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

هەر لەو سەردەمەی (مەحوی) دا ململانێی توندی نێوان تەریقەتی (قادری) و (نەقشبەندی) و ڕەنگدانەوەی لەناو کایەکانی دەسەڵاتدا ئەویش ئەوە بوو کە تەریقەتی (قادری) لایەنگرانی لە شاردا زۆر بوو لە کاتێکدا تەریقەتی (نەقشبەندی) زیاتر لەشوێنە لادێ و گوندنشین و دوور لە ئاوەدانییەکان دەژیان، بۆیە لایەنگرانی دەسەڵات و حوکمبەدەست زیاتر پشتیوانییان لەتەریقەتی (قادری) دەکردو بەلای ئەواندا دەیانشکاندەوە. ئەمەش لەلایەکەوە بوونی موریدو مەنسوبێکی زۆری (شێخ مارفی نۆدێ) و (کاک ئەحمەدی کوڕی) لەشاری سلێمانی و کاریگەریی قووڵیان بەسەر بڕیارو حوکمەکانی دەسەڵاتەوە هەبوو، زۆرکات ئەمان تەریقەتی (قادری) کاریگەریان بەسەر دەسەڵاتەوە بەجێدەهێشت، بێپرسکردن بەمان هیچ بڕیارێکیان دەرنەدەکرد، گومانیشی تێدانییە ڕۆشتنی (مەولانا) و شاربەدەرکردنی دەرئەنجامی قووڵی ئەو ململانێیانە بوو. سەرباری ئەوەش پیاوە ئایینییەکان جگە لە چڵکاوخۆری و خەڵک تەفرەدان و خۆڵکردنە چاوی ڕاستییەکان و ئاوەژووکردنەوەی بیروبۆچوونە ئایینییەکان و شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەقە پیرۆزەکان بە پێی مەرام و سوودو بەرژەوەندیی خۆیان و ئامۆژگاریکردنی ئاسنی سارد کوتان و بێکەرامەت بوونیان لای خەڵک و ڕەش و ڕووت و چەوساوەکان ملدانیان بۆ دەسەڵات و کەوتن لەبارەگاو دامەزراوە حکومییەکان. ئەو دامەزراوانەی کە (مەحوی) بە قەسابخانەیان دەزانێت و هیچ نین جگە لە کوشتنی ڕازەکانی خەڵک و سەربڕینی ڕاستییەکان،

لەعاریف عامیەک پرسی هەواڵی مەسلەخ و قەصاب ˝

بەئەنگوشتی شەهادەی کرد ئیشارەی مەحکەمەو نائیب ˝

سەرباری ئەمانە تەرازوبازیی خەڵکەکان و چینی فرۆشیاران بێ مروەتیی کڕیاران و خەڵکی فەقیرو هەژار، ئەو فرۆشیارانەی کە تەنها خودا بۆ سوێندی درۆ بەکاردەهێنن و بۆ ڕاستکردنەوەی تەرازووە لاسەنگەکانیان بەکاردێت و تەنها بۆ ڕاییکردنی کاروبارە ناتەواوەکانیان دەیخەنە کار ئەگینابێ ئەوە (خودا دەمێکە مردووە)و ماڵئاوایی لەدەرون و ویژدانی ئەو مرۆڤە بەبەردبووانەدا کردووە.

پڕبوونی شار لە مرۆڤی خراپ و بێگانەو مرۆڤی مشەخۆر و چاووڕاوو مرۆڤی ئەشەهەدوبیلا و مرۆڤی تاسەر ئێسقان جاهیل و نەفام و بێڕێزبوونی چینی ئاقڵ و هۆشمەندان و دنیادیدەکان و خزاندنیان لەسەر بەرماڵی خانەقاو لەناو کونجە تاریکەکانی زیکردا.

هەموو ئەمانە وایان لە (مەحوی) کرد دەروونی بێتەکوڵ و دەنگ هەڵبڕێ و بڵێ:

بۆتە موئیس، بۆتە مەئوا قەوم و شاری العیاز ˝
دێوی بێتی، جێبەجێ دەڕوا بەباری العیاز
هەرکەسێ ساتێ لەگەڵ ئەو قەومە بوبێ تائەبەد
بێتەوە فیکری لە زاری دادەباری العیاز
ئەهلی تەزویرو فەسادن غاضیبی ماڵی عیباد
موبتەلابن بەم بەڵایە ئەهلی شاری العیاز ˝

هێنانەوەی ئەو چەند دێڕە شیعرە لە هەناوی دیوانەکەی و لە ئەو قسانەی پێشوومان پشت ڕاست دەکەنەوە هەرهەمویان بەڵگەن بۆ ئەوەی

چەند جەنجاڵ و چەند ئاشووب و ئاژاوە لە دەوری (مەحوی)دا بووەو چەند تراژیدیاو چەند بێئیرادەیی و چەند میحنەت و کارەسات بەرۆکی ئەو خەڵکەی گرتووە و تا بینە قاقایان پڕن لەنەفسی ژەهر، شاریَ دێو لەگەڵیدا هەڵنەکات و ساتێک لەگەڵیاندا بژی هەتا ئەبەد پەنا بەخوایان لیَ بکرێت و سەرت سوڕمیَ لە تراژیدیاو ئەو کارە بێمانایەی دەیکەن، ئەهلی فەسادو تەزویر و دڵڕەقیی و بێبەزەییبن، تەنها (پەنا بەخوا_العیاذ) چاری مرۆڤ بێت، دیارە لەگەڵ سەردەمی مێژووی و قۆناغی (نیچە)دا جودایی زۆری تێدا نییەو لە کۆمەڵێک جەمسەرو پنتی بەهێزەوە یەکانگیر دەبن و لەچەند جۆگەلەیەکەوە دەگەنەوە ناو هەمان ڕووبار کە پێی دەوترێت ڕووباری (جڤات) کە پێی دەوترێت ئەخلاقی مێگەل، بازنەی نەهلستیەت هاوکێشەی تەزوویی شاری بیَ خوا، قەسابخانە فەساد، شاری کۆیلەکان، شاری کورتەباڵاکان............ هتد.

چەندین ناویتر ڕیزبکەین هەرهەموویان میحنەتەکانی (نیچە) و (مەحوی)مان بۆ دەردەخات لەگەڵ ئەهلی جڤاتدا، میحنەتەکانی ئەقڵی ئەو دوو پیاوەمان بۆ دەردەخات لەگەڵ بێزاربوونیان لەگەڵ بێکەرامەتیی عیلم و مەعریفەدا، تراژیدیای ئەو دوو پیاوە لە سەردەم و قۆناغێکدا تراژیدیای بیریارە لەگەڵ جڤاتدا، لەم هێڵەوە مرۆڤی بیریارو موفەکیر لەگەڵ مرۆڤی تەقلیدیدا جیا دەبێتەوە، بەو پێیە مرۆڤی بیریار هەمیشە زۆر ئیدراک بە ناتەواویی کۆمەڵ دەکات و بەدوای سەرەداوی میحنەتەکاندا دەچێت و بەدوای وەڵامێکدا دەگەڕێت و دڵی پڕبکات لە ئۆخەی.

(ڕاسل) دەڵێت: "فەیلەسوف یان فەلسەفە بەشوێن ئەو پرسیارانەدا وێڵە کە وەڵامیان نییە "

بیریارو شاعیر دەبێت ئەو چەمکانە کە کۆمەڵگەیان داڕزاندووە بوونەتە هۆی ئیفلیجکردنی جڤات و بوونەتە هۆی سڕکردنی ئیدراکی خەڵک دابهێنێت و بیخاتە سنوری لێکدانەوەو ڕاڤەکردنێکی قووڵانەوە وەک و (دۆلۆز) دەڵێت: " فەلسەفە نەقووڵبوونەوەیە، نە بیرکردنەوەیە نە ڕاڤەکردنە، بەڵکو میتودی دروستکردنی چەمکەکانە" بۆیە شیعر یان فکر کە هەردووکیان هەمان ئیشیان هەیە ئەویش گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا وەکو (کافکا) دەڵێت: "شیعر گەڕانە بەدوای حەقیقەتدا " هەر (نیچە) خۆی بانگەشە دەکات بۆ کۆبوونەوە لەسەر خوانی شیعر و هەرخۆی ڕایگەیاندووە کە " لەگەڵ شاعیرێکدا زیاتر هاوڕام تا لەگەڵ فەیلەسوفیکدا" (هایدگەر) ش هەڵگری تۆوی بیری (نیچە) و تاڕادەیەک نەهلیستی بەرامبەر بە چارەنووس و ژیان و مردن، خۆی ئەوەی درکاندووە کە ئەوانەی من لە کتێبەکانمدا باسمکردوون و دۆزیومنەتەوە (مالارمێ) پێش من لێی دواوەو ڕاڤەی کردووە، بۆیە بیریارو شاعیر لە کۆمەڵێک وەزیفەکانیاندا ئەرکیانە بەدوای ناتەواوییەکانی کۆمەڵگەدا بچن و بەدوای نهێنییە کارەساتاوییەکاندا ڕابکەن و مرواریی چارەسەر و ڕەخنەی ژینالۆژیانەیان تێبگرن و لەسەرەوە بۆ خوارەوە بە پاچی فکر هەڵیان کۆڵن و سەرلەبەر قڵپیان بکەنەوەو تەوری ڕەخنەیان تێبگرن و داری زوڵم و زۆرو ڕەگی پیری ئەخلاقی سواوو مشەخۆریی ژێر خاکی ڕزیوو قەدی چەماوەی ژێرخۆری لێکەوتەی ناو جڤاتی مێگەل و گەلای دروستکردنی خۆراکی فەسادو بەری بێبەری تەزویرو ئەمانە هەرهەموو لەناوچەوانی مەعریفەو فەلسەفەکەیدا هەڵیان بڕێژێت و کۆنکرێتیانە لەسەر جەستەی میکرۆبەکان کاربکەن و دەرزیی تیژی گوماناوییان تێبهاوێژن و ڕۆحیان پڕکەن لە دەرمانی هزر، بیرکردنەوە، خودا، ویژدان، ویستی هێز، سۆپەرمان، ئەهلی کەرامەت، بڕوا، حەقیقەت...... هتد.

کە بێگومان ونبوونی (ئەهلی کەرامەت) لای (مەحوی) ونبوونی (سۆپەرمان)ە، لای (نیچە) هێنانەوەی چینی (ئەهلی کەرامەت) و (زاهیدان) لای (مەحوی) هەوڵی (نیچە) شە بۆگێڕانەوەی (سۆپەرمان) بۆ زەوی، هەوڵی (مەحوی) بۆ مەستبوونی لە شەرابی لیقای جاویدانیی زیکر هەوڵی (نیچە) شە بۆ (دیۆنیسۆس) و سەماکردنی

لەگەڵ حەقیقەت و فریشتەکاندا سەماکردن لەگەڵ خوداوەندا وەکو زەردەشت ئاماژەی پێدەکات.

نزیکیی بارودۆخی (نیچە) و (مەحوی) ڕەنگدانەوەی نەهلیستیەت و بیرو بۆچوون و بیرتیژیی هەردووکیانە، کە ئەمەش شتێکی ئاسایییە لە بەرهەمەکانی هەردووکیاندا ئەو نزیکییە لەیەکەوە هەست پێبکەین.

## (نەهلیستبوون)
## لە نیچەوە.... بۆ...... مەحوی !

نەهلیستبوون کە یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی بیری (نیچە)و لە تەواوی فەلسەفەکەیدا حزوری هەیەو بەتەواوی بیرکردنەوەکانی باگراوند کردووە بەتەواوی فەلسەفەکەی بارگاوی کردووە بەهەڵگری ئەم تۆوە کە تۆوی (نەهلیست) بوونە.

* زاراوەی نهلیزم لەوشەی لاتینییەوە هاتووە کە بەواتای هیچ نەبوون– العدم - دێت کە هەردووکیان پێکەوە واتای هیچیایەتی یان نەبوونایەتی العدمیة - دەگەیەنێت "[١١]

پرێنسیپی نیهلیزم لەسەر ڕەتکردنەوەی خوداوەندو بەهاو مۆراڵ و جەوهەرو ڕاستی وەستاوە و بەتەواوی بە مانای نەفیکردنی ژیان دێت، ئاشکرایە نیهلیزم بۆچوونێکی ڕەشبینایە، دەڕوانێتە ژیان و وایدادەنێت کە مادام ژیان پڕبووە لە ئاشووب و دووبەرەکی و بێئومێدی و بێهیوایی، پێویست بە دوورکەوتنەوە لە ژیان دەکات و پێویستە نەبوونانە بڕوانینە داهاتوو و ژیان بەزیندانێکی تری (بوون) دابنێن، کە (نیچە) مێژووی ئەوروپا بەمێژووی ( نیهلیزم) ناودەبات و ئەو پێناسەیان بەسەردا دەسەپێنێت، نیهلیزم بە هیچ جۆرێک مانای نەبوونی ناگەیەنێت، بەڵکو واتای پوچکردن یان هیچکردنی (نەفیکردنی) ژیان دێت و زاڵبوون بەسەر نیهلیزمدا واتای تێپەڕاندنی مرۆڤە بەسەر ئەو حاڵەتەدا.

نیهلیزم هەموو بەهاکانی ژیان نەفی دەکات و هەموویان لەئایدیای خۆی فڕێ دەداتە دەرەوەو هەموو چەشنەکانی باشی و خۆشگوزەرانی و ڕاستی ئەخلاق و ماهیەت ڕەتدەکاتەوەو وایدادەنێت کە هەموو بەهایەکی ئایینی و مۆراڵیی بەشێکن لە میتافیزیکاو بوونیان نییەو بەم چەشنە نیهلیزم بەمانای بێماناکردنی سەرجەم ماناو بەهاکان دێت.

گومانیشی تێدا نییە کە نیهلیزم چەندان جۆری هەیە، وەک و نیهلیزمی فیکری کە لای (گۆرگیاس) دەبینین کە یەکێکە لە ڕابەرانی فێرگەی سۆفستایی و هەموو شتێک و بوون و حەقیقەتێ ڕەتدەکاتەوەو باوەڕ بە حەقیقەتیان ناکات جگە لەوانەی کە لە بەردەستان و دەتوانرێت بەهەستەکان هەستی پێبکرێت، یان نهلیزمی سۆفیگەری کە ئەمەیان بەچەشنێک لە چەشنەکان لای (مەحوی) ڕەنگی داوەتەوەو بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت کە (مەحوی) چەند نیهلیستیانە ڕوانیویەتە ژیان و چۆن باوەڕی بە حەقیقەت لێژدەبێت و دینیانە دەڕوانێتە بەها جوانەکان کە خۆی لەناو خوداوەندا دەبینێتەوە.

(ئەرنست یۆنگەر) دەڵێت: " ئەمڕۆ نیهلیزم مانای نارونی و جۆراو جۆریی بە خۆوە گرتووە بەدووری نازانین نارونی نیهلیزم بۆ ئاڵۆزی و جەنجاڵی ئەو ڕۆژگارە بگەڕێتەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی نیهلیزم سەرەتا لە ئەدەبدا دەرکەوتووە".[١٢]

بۆ زیاتر شیکردنەوەی (یۆنگەر) حەقیقەتی نیهلیزم لای (نیچە) دەخەینە ڕوو لە یەکێک لە پەرەگرافەکانی (وەهای گوت زەردەشت) دا (نیچە) لەسەر زمانی (زەردەشت)ەوە دەڵێت: "زەردەشت دوای چەندان ساڵ تەنهایی دەگەڕێتەوە بۆ ناو خەڵک، لەڕێگای گەڕانەوەیدا پیرەمێردێک دەبینێت کە لە نزیک کوخەکەیدا سەرقاڵی کاروباری ڕۆژانەی خۆیەتی، بە زەردەشت دەڵێت: ئەم ڕێبوارە لای من نامۆ نییە، چەند ساڵێک لەمەوبەر بەم شوێنەدا گوزەری کرد ناوی (زەردەشت) بوو، بەڵام ئێستا کە گۆڕاوە. ئەو کات خۆڵەمێشی خۆی بۆ چیابرد، ئەمڕۆ دەتەوێت کڵێسە بۆ دۆڵەکان ببەیت ؟ لە سزای ئاگر پڕژێنی ناترسیت؟

کاتێک زەردەشت لەو پیرەمێردە دەپرسێت کە لەو دارستانە خەریکی چییە؟ ئەو وەڵامی دەداتەوە کە خەریکی سرودو گۆرانی چڕینەو دەگری و دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی خواوەند لێی ڕازیبێت، کە زەردەشت پیرەمێردەکە بەجێ دەهێڵێت لەدڵی خۆیدا دەڵێت: دوور نییە ئەو پیرەمێردە لەو دارستانە هێشتا کە شتێکی لەو جۆرەی نەبیستبێت کە یەزدان مردووە.(١٣)

ئالێرەدا (نیچە) زەنگی ترسناکی خۆی لێداو تەواوی ئەوروپای هەژاند، تەواوی ناوەندە فیکرییەکانی توشی شۆک کرد، تەواو ئەقڵی مرۆڤایەتی سەر لە بەر هەڵگێڕایەوەو ڕاپسکانێکی گەورەی لە مێژووی ئەوروپادا خستەکار، چەمکی (مردنی خوداوەند) سامناکترین نیهلیزمە، ئەو حاڵەتەیە کە تەواوی ماناکان مانای خۆیان لەدەستدەدەن و تەواوی بەهاو مۆراڵ و ئاکارەکان هەڵدەکۆڵێت و ئەقڵی دین لەئەقڵی ژیان دەترازێنێت و ئەقڵێکی پەتیی ڕووت دەخاتە شوێنی و خواوەند ڕەوانەیماڵی (دین) دەکاتەوە، ئەم چەمکە (مردنی خواوەند) بە خاڵی سەرەکیی پڕۆژە نیهلیزمەکەی (نیچە) دادەنرێت و ئەو خاڵەیە کە ئیتر گورزی خۆی دەهاوێژێتە ئەقڵی تیۆلۆژی و بروسکەیەک دەگرێتە هەوری ئاینی قەشەکان و سەرلەبەری ئایدیاکان قڵپدەکاتەوە. لێرەدا (نیچە) بە (مردنی خواوەند) مردنی هەموو ئەو بەهایانە ڕادەگەیەنێت کە ڕەنگدانەوەی بەهای خوداوەند بوون و بەنەمانی خواوەند ئەمانیش چیتر جێگەیان نابێتەوەو ڕەوانەی میتافیزیکا دەکرێنەوە.

ئەم چەمکە تاسەرئێسقان دوڕدۆنگ و نیسبی و سامناکە کە خۆی لە(لابردنی خوداوەند) دەبینێتەوە لەزۆر لەبەرهەمە ئەدەبیەکانی دواتردا بە ئاشکرا دەردەکەوێت وەک لای (سارتەر) لەڕۆمانی (ڕشانەوە)داو (کامۆ) لە ڕۆمانی (نامۆ)داو لای (دیسکۆڤسکی)) بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە.

–(بیر لەوە بکەرەوە بەردێک بە قەد خانوویێک بەئاسمانەوە هەڵواسراوە، تۆ لە ژێریدا وەستاوی گەر بەسەرتا بکەوێت هەست بە ئازار دەکەیت ؟

– بەردێک بەقەدەر ئەم خانووە، بێگومان دەترسم؟

– من باسی ترس ناکەم، ئایا ئازارت دەگات یان نا ؟

– بەردێک بەقەد چیایەک ملیۆن پاوەن گرانە، بێگومان هەست بە ئازار ناکەم.

– بەڵام لەژێریا بۆ ماوەیەک ڕاوەستی دەترسیت، هەموو کەسێک دەترسێت، تەنانەت زانایەکی بلیمەت و دکتۆرێکیش دەترسن، هەموو دەزانین کەوتنەکەی بەسەرتا بێ ئازارە، کەچی هەموو لەوە دەترسین کە ئازاری هەبێت.

– ئەی هۆکاری دیکەی ترس چییە؟

– ڕۆژی دوایی.

– مەبەست ئەشکەنجەی ژیانی پاش مردنە؟

– ڕۆژی دوایی – ڕۆژی دواییە.

– ئایا کەس هەیە باوەڕی بەڕۆژی دوایی نەبێت؟

– تۆ لە بۆچوونی خۆتەوە دەڕوانیتە کێشەکە، سەربەستی لەوێدایە جیاوازی لەنێوان ژیان و مردندا نەمێنێ، ئەوەی بەسەر ئازارو ترسدا سەردەکەوێت دەبێت بە خوا.

– مەبەستت ئەوەیە کە خوا هەیە ؟

– نییە، بەڵام (هەیە) : ئازار لەناو بەردەکەدا نییە لەناو ترسەکەدایە لە بەردەکە، کەسێک بەسەر ئەو ترسەدا زاڵبوو دەبێت بە خوا، ژیانێکی نوێ دادەهێنێت و دەبێت بە مرۆڤێکی نوێ، مێژوو دەبێت بە جەنگاوەری بەرەو لە ناو بردنی بوونی خواو کە لەوێشەوە بەرەو جەنگاوەری، مرۆڤ خۆی جێگای خودا دەگرێ و خۆی جیهان دەگۆڕێت.(١٤)

هەر (دیسکۆڤسکی)یە کە دەڵێت: (ئەگەر خوا نەبێت هەموو شتێک ڕەوایە) ئێمە لێرەدا هەست بەو نیهلیزمە دەکەین کە لەناو جەرگەی بابەتە ئەدەبییەکانەوە هەڵدەقوڵێت.

هەر (سامیۆل بیکێت)ە کە لە (چاوەڕوانی گۆدۆ) دا نیهلیزمیەتی خۆی خەست دەکاتەوە و لەو شانۆگەریەدا ڕایدەگەیەنێت کە ژیان جگە

له چاوەڕوانییەکی بێمانا هیچیتر نییە و مرۆڤ دەبێت لە هەموو هیواو ئومێدێک کە بەدوارۆژ و بەفریادڕەسێک هێناوە تابێت ڕزگاری بکات پێویستە ئەو وەهمە لەناو بەرێت ئەو خەیاڵدانە تیۆلۆگیە کە سەرتاپای ئەقڵی نغرۆی ناو میتافیزیکا کردووەو لەبەری خۆی داماڵێت و بیرمەندانە بۆ شتەکان بچێت و خۆی لەو وەهمانە بدزێتەوە کە وەکو دێوەزمەیەک بەسەر شانییەوەیەتی و هەرگیز لێی نابێتەوە.

هەر (نیچە) خۆی ئامۆژگاریمان دەکات و دەڵێت: "براینە بەسەر زەویدا بڕۆن و ڕێزی لێبگرن گوێ بۆ ئەوانە شل مەکە کە پەیمانی ژیانێکی ئاسودەییت جگە لەم ژیانە پێدەدەن"

ئالێرەدا (نیچە) نییهلیزمیەتی خۆی ڕوون دەکاتەوە و هەموو شتێک دەسڕێتەوەو حەقیقەتەکان پووچ دەکاتەوە و ژیان دەکات بە وەهمێک و لە خەیاڵدانی مەعریفیماندا فڕێی دەدات.

(ئەرنست یۆنگەر) دەڵێت: "نیچە وادەردەخات کە نیهلیزم بانگەشەکردنی بێبەهابوونی بەرزترین بەهاکانە، نیچە نیهلیزم بەیەک ساتی دیرۆکی سروشتی دادەنێت، بەڵام بەحاڵەتێکی نەخۆشی لە قەڵەمی دەدات".[١٥]

(مارتن هایدگەر)یش لە کتێبی (ئەو ڕێگایانەی بۆ هیچ شوێنێک ناچن): (نیچە) لەوەدا دەبینێت کە یەکەم فەیلەسوفە هەستی بە بزوتنەوەیەکی بنچینەیی لەسەرجەم بیری ڕۆژئاوا کردووە، ئەویش بزوتنەوەی نیهلیستە.

ئالێرەدا بۆمان ڕوونتر دەبێتەوە لە نیهلیزمدا کە سمبولی هەموو بەهاکان کە سمبولی هەموو پاکییەکان کە سمبولی هەموو مۆڕاڵەکان کە سمبولی هەموو میتافیزیکیەت کە (خوداوەند) ە پوچ کرایەوەو لەپرۆژە فیکرییەکان کرایە دەرێ و لە بونیادی ئەقڵی مرۆڤیش شاربەدەرکراو جێگایەکیان بۆ نەهێشتەوە، بۆیە مرۆڤی نییهلیزم مرۆڤێکە بێ خواوەند، بێ مۆڕاڵ، بێ بەها بێ جەوهەر، بێ ڕاستی، بێ حەقیقەت، بێ ماهیەت، مرۆڤێکە گوێ بە هیچ یاساو دابونەریت و عاداتی هەناوی میتافیزیکا نادات و هەرهەموویان لە سروشتی خۆی بەلاوە دەنێت تەنها ڕەگەزێکیشە لە دامێنی (مەیمون)یەتی (داروین) نەکەوتۆتەوەو مرۆڤێکی بێ ڕەگەزە و مرۆڤێکە دەتوانێت بەسەر هەموو شتێکدا بازبدات بەبێ ئەوەی کەس بتوانێت بەسەریدا بازبدات، کە ئەمەش خۆی لەو (سۆپەرمان)ە دا دەبینێتەوە کە (نیچە) نوقڵانەی هاتنی لێداو لەهەموانی گەیاند ئەو مرۆڤەیە کە جێگاتان دەگرێتەوە لە هەموو کۆیلە بوونێک بەدوورتان دەخاتەوە.

(مەحوی) ش دێت و نیهلیزمی خۆی بەجۆرێکیترو بەڕەنگێکی تر دەخاتە بەر دیدەمان، کە ئەگونجێ جیاوازی لەو نیهلیزمە ڕەهایەی (نیچە) هەبێت بەڵام (مەحوی) ش بەئایدیای خۆی بە شێوازێکی هێمنانە تر و لەسەرخۆیانەتر ئەم پرەنسیپە نیهلیزمە ڕووندەکاتەوە و هەمووومان لە خەوی حەقیقەت ڕادەپەڕێنێت، هەموو لە خەوی نووستوی دەست بەسەر بەندەخوێنەکەمان کە سمبولی مۆڕاڵیەتیمانە ڕادەپەڕێنێت، هەمووومان لە وەهمی لاهوتی و خواناسی بەئاگادەهێنێ و دەڵێ سمبولی هەموویان کە خۆی لە (خواوەند)دا دەبینێتەوە بووە بە هەڵم و ڕەوانەی چاڵی نەبوون کرا:

"غەیری ئەوەی کە سوێندی درۆی پێ
بخۆن و بەس
قوربانی ناوی، ناوی لەناوا، نەما
خـــــودا!!!"

(مەحوی) دەڵێ: جگە لەوەی کە تەنها بۆ سوێندی درۆ ناوتان دەهێنایە سەرزارو هەرتەنها لەکاتی کێشان و تەرازوو و ڕیاییدا بیری خوداتان دەکەوتەوە، قوربانی ئەو خوایەبم کە ئێستا نەماوەو بەسەر زارتانا نایەت بۆ ئەوەی کەم خودا بۆ کاری نابەجێ و نابەکام بەکار بهێنن. لێرەدا (مەحوی) زەنگی ئەوەمان بۆ لێدەدات کە ئیتر ناوی خودا بەکار نەهێنن، چونکە خودا ڕۆشتووە بۆ ئەو

شوێنەی کە لێوەی هاتووە کە بێگومان عەدەمە بۆیە (مەحوی) سوپاسی ئەوانە دەکات کەوا ناوی خودایان بەکار نەهێناوە بۆ ناشیرین کردنی خوداوەند بۆ تەوەلاکردنی خەڵک لە حەقیقەت و بۆ دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لەڕاستی و بۆ دوور کەوتنەوەی مرۆڤ لە بەها ئەخلاقیەکان، بۆیە ئەوە مرۆڤەکان بوون کە خوداوەندیان گێڕایەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکانی موعجیزە و لە حەقیقەتی خۆیاندا کردیانەدەرێ.

لای (نیچە) هەر کۆمەڵگەی خۆرئاواو ئامێریەت بوو خواوەندی سڕیەوە و لە میتۆدەکانیدا فڕێی دایە ناو چاڵی نەبوونەوە و گێڕایەوە بۆ بەها پیرۆزەکانی خۆی بۆ تاک و تەنهایی و بێ شەریکی و هاوڕێیەتی، چونکە مرۆڤەکان ئامێریان کردبوو بە جێی خواوەند و بەناحەق هاوڕێیەکیان بۆ قووت کرد بووەوە کە ئەم تەنها بۆ بچووککردنەوەی خواوەند و تەوەلاکردنی لەژیان دایاننابوو.

" چیبکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا
بەکەس
خۆشم نەگەشتمە ئەوکەسەی کەوا من بکا
بەکەس! "

(مەحوی) لێرەدا تەنهایی خۆی ڕادەگەیەنێ و گۆشەگیریی مرۆڤیەتی خۆی بەیان دەکا کە بەهۆی نەبوونی خواوەندو جێهێشتنی لەلای دروست بووەو هەست بەغەریبی و تەنهایی میحنەتەکانی ژیان دەکات و دوورەپەرێزی و کەنارگیری وەکو تێزاب ڕۆچوونەتە جەستەی دامرکاوی و خەریکە تەنگی پێهەڵدەچنن، بۆیە (مەحوی) لێرەدا نیگەرانیی خۆی بەرامبەر بە ژیان دەردەبڕێت و نازانێت ڕوو بکاتە کوێ، چونکە کەس بەشیاو نازانیت جگە لەخوا کە ئەویش ڕۆشت و نەما، ئیتر تەنهایی بەرۆکی دەگرێت و دەبێتە ئەو ئاوێنەی کە مەگەر تەنها سەیری بێزاریەکانی خۆی تێدا بکات، لێرەدا (مەحوی) نیهلیستیانە تەنها لە کونجی میحنەت دادەنیشێ و لە بێزاربوونی جوانییەکانی ڕابردوودا کە سمبولی لە خوداوەندا خۆی دەبینییەوە بوو بەهەڵم

" لە هەموو جێ لەچ کەس بێنی مروەت نابێ
کەرەم و صدق و وەفا لە عالەم بووە قات! "

لێرەشدا (مەحوی) کەرەم و صدق و وەفا کە هەرهەمووی لە تارمایی و لە جەوهەرو ماهیەتی خوداوەندا دەبینێتەوە نەما، بۆیە ئێستا لە هیچ کەس لەهیچ مرۆڤی جوامێری و غروری نایەت، بۆیە ئێستا جیهان پڕبووە لەمرۆڤی گزگل و بودەڵەو کورتەباڵاو پڕبووە لە مرۆڤی نەسڵی مەیمون و مرۆڤی نەوەی ئاژەڵ، بۆیە کەرەم و پیاوەتی و شەهامەت و حیکمەت لە هیچ کەسەوە دروست نابێت و هەرهەموویان لە ناو بازنەیەکی بێ مانادا خول دەخۆن و هەر هەموویان لەناو پارەو تەزویرو ڕیاییدا نغرۆبوون و هیچ ئومێدێکی ڕزگاربوونیان لێ چاوەڕوان ناکرێ.

بە پێی بۆچوونی (مارتن هایدگەر) بیرۆکەی مەرگی خوداوەند تەنها خواوەندی مەسیحی یان خوداوەندی سەرجەم ئاینەکانیتر ناگرێتەوە: "بەڵکو مەبەستی (نیچە) مەرگی ئەو جیهانەیە کە لە (دووریا) سەروی هەستەکانەوە هەیە، واتە جیهانی میتافیزیکا و جیهانی ئایدیال بەشێوەیەکی گشتی ئەو جیهانەی کە لە فەلسەفە کلاسیکیەکاندا برەوی پێدراوە[١٦]

(ئۆیگن فنک) دەڵێت: مردنی یەزدان مێژوویەکی دوو لایەنەی هەیە، مێژوویەک کە کاتی بەسەر چووە، مێژوویەکیتر کە ئەرکی چاوەڕوانی ئەرکێکی ترە لەداهاتوودا دەکات.[١٧]

بەم پێیە مەرگی (خوداوەند) دەبێتە مەرگی سەرجەم بەهاکانی تر، سەرجەم ئایدیاکانیتر کە خۆیان لە پشت پەردەی پیرۆزی خواوەند شاردبووەوە کە خۆیان لە پشت ژوورە بەبریقەکانی خواوەندا مەڵاس دابوو بە (مەرگی خواوەند) مەرگی ئەوانیش ڕاگەیەنرا کە مەرگی هەموو ئایدیالە

میتافیزیک خوازەکان و بە پلەی یەکەم (ئەفلاتون و ئەرستۆو سوقرات) و مەرگی هەموو پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتە تۆتالیتاریەکان و مەرگی هەموو دەسەڵاتە بە پیرۆز بووەکان و مەرگی هەموو دیکتاتۆرە کاریزمیەکان و هەموو بەهاو مۆراڵە جوانەکان ڕاگەیەنراو هەموویان لەناو یەک مەرگدا توانەوە، هەموویان لەیەک مەرگی بە کۆمەڵدا نێژران و ڕەوانەی چاڵی بیرچوونەوەکران و لە گۆڕستانی نیهلیستیەتی بۆ هەتاهەتایە نێژران.

هەرچی هەیە موسەبیبە، باقێکە فانی یە
بەندەی یەکێ بەبەس ببەرە بەندی صەد هەزار"!

ئالێرەدا (مەحوی) ڕوونیدەکاتەوە کە خواوەند تاکو تەنهایەو پێویست بە هیچ شەریک بۆدانان و ڕیایی کردن و عەبدی کەس ناکات، ئەگەر وابێت ئەوا پێویست ناکات دوای خوایەک بکەویت کە تۆ مراندووتە هەزار شەریکت بۆ پەیداکردووە و وەکو وەهمێکی بێزارکەر بەدوای خۆتەوە ڕایدەکێشێت و هیچ نییە جگە لە مردوویەکی نەنێژراو، هیچ نییە جگە لە جەستەیەکی بێڕۆح، جگە لە سەرکردەیەکی بێدەسەڵات. (مەحوی) دەڵێت: ئەگەر بەڕاستی خوداوەنتان دەوێ دوای بکەون بەڕاستی و بە تەنها بیپەرستن، هەزارەها خواوەند بۆ خۆتان دانەتاشن و چەندان تەوتەم مەخەنە ناو عەبدایەتیتانەوە و خۆتان مەکەن بە عەبدی لات و عەزات و چەندان ناوی پوچی بێ قەباحەت.

" (مەحوی) چ کەس مەناسە، بناسە خوداو بەس
زیکری یەکێ کە، مارە، مەکە باسی چاروو مار"!

مەحوی ڕوودەکاتە نەفسی خۆی بەدزیی موشریکەکان و خوانەناسەکانەوە دەڵێت: "مەحوی هیچ کەس مەناسەو مەبە بە عەبدی کەس تەنها خودا بناسەو بەس، زیکری یەکێ بکە و لە یەکێک بپارێزەوە کە گەورەو تاک و تەنهایە، ئیتر باسکردنی (چار) و قەراڵ و کیسراو چەندانی ناوی پووچیتر هیچ نییە جگە لە وەهم و عەبدێکی زەلیل وەکو ئێمە. "

بەڵام (مەحوی) نیهلیست، (مەحوی)یەک کە دەزانێ خەڵکان جگە لە عەبدانی خەڵکانیتر جگە لە شوێنکەوتنی پوچی هیچی تر نییە، بۆیە بە غەمبارییەوە ئەو هیوایەی لە فیکری خۆی دەکاتە دەرەوە مەئیووسانە دەزانێ کە خودا جگە لە بتێکی ڕوکەش، جگە لە تابۆیەکیتر وەکو تابۆکانیتر هیچ نییە و تەنها تابۆیەکیترە وەکو هەزارەها تابۆیتر.

نائەهلی ئەم ئەهالیە مەعلومی من کە بوو"
شوکری خودا، خودا بەس، ئومێدم نەما بە کەس،"!

بۆیە (مەحوی) مەئیوس و تا سەر ئێسقان نیهلیستیانە سوپاسی خوا دەکا کە ئومێدو هیوای بە کەس نەماوەو هەرهەموویانی لەهاوڕێیەتی کردووەتە دەرەوە و پوچێتیی هەموویانی بۆ دەرکەوتووە، بۆیە نائومێدانە سەیری ژیان دەکات و بەچاوێکی فرمێسک بارانەوە باسی ڕابردوو دەکات و باس لەو مەردانە دەکات کە کۆچیان کرد و لەگەڵ سمبولی جوانی و ئەخلاق و مۆراڵ کە خوداوەندە ڕۆشتن و ماڵئاواییان لە فانییەتی ژیان و بێ مروەتیی حەیاو شەرم کرد.

"لەمانمدا نەدیوە حاصڵی غەیری تەوەحوش من
خودا پێداو ئەوانەن لەم وحووشیتانە زوو ڕۆیین"

(نەبوونی خوداوەند) کردنە دەرەوەی لە بازنەی هاوکێشە مرۆڤایەتییەکان و هاوکێشە ڕۆحی و مادییەکان هەر ئەوەیە کە مرۆڤ تا سەر ئێسقان

ئاواتە خوازی مەرگەو لەخودا دەپاڕێتەوە بمرێت نەک لەتاو ئەو هەموو مەیموون و ئەو هەموو بێمۆڕاڵانەدا بژی، (مەحوی) پڕ بەدڵ داوای مەرگ دەکات، داوای مەرگێکی جەنگاویی ئازایانە دەکات نەک مردنی ناو جێگاو کەسیفبوون، مەرگێک کە جگە لە نغرۆکردنی ژیان و زەلیلکردنی خود هیچی دی نییە.

کەشک بەم (مەحوی) یاهەر شەربەتی مەرگ "
لـــەسەر ئـــەرزانییە ئـــاوی گـــەوارا "

(مـەحوی) ئـەگـەر ئـەوپـەڕی نهلیستیەتی لە ناویدا شـەپۆلان نـەدات و لە ناو بێ هاوڕێیەتی و بێ خودایەتی و بێ مروەتیدا نەبێت، ئاوا بەم قووڵییە داوای شـەربـەتی مـەرگ ناکات و ئاوا ڕەشبینانە ناڕوانێتە ژیان و ئایندە، ئەگەر مرۆڤ ئایندەیەکی ڕوونتر و گەشترو خۆشتر شکبات ئاوا پەنا ناباتە بەر مـەرگ، بەم مەرگدۆستیەوە ڕووبـەڕوی ئیرۆسیەتی خۆی نابێت و هەستی (ساناتۆس) لەخۆیدا بەم ڕەنگە تۆخ نەدەکردەوە، (مەحوی) مەرگدۆستانە دەڕوانێتە ژیان و مەرگ بە گەورەترین ڕزگارکەرو بەگەورەترین پزیشک دادەنێت، بۆیە (مەحوی) ئاوا فەلسەفیانە باوەش بە مەرگدا دەکات و تا سەرئێسقان نیهلیستیانە کە خۆی لەتاو نەبوونی هەموو شتەکاندا دەبینێتەوە بەمردنی خۆشیەوە، بۆیە (مـەحـوی) مـەرگ بەدەرمانێک دادەنێت بۆ هەڵهاتن لە بەرپرسیارێتی بێ خودایی و لەبەرپرسیارێتی بێ ئەخلاقیەتی جڤات و بێ ڕەونەقی دابونەریت و پەیامە کۆمەڵایەتیەکان، بۆیە (مەحوی) تاکە ڕێگا بۆ خۆدزینەوە لەسەرجەم کێشەو تراژیدیا و کارەساتەکان بە (مەرگ) دەچوێنێت:

" ئەگەر ئازادەگیەک بێ لە عەدەمـــدا
بۆمـــان
چی هەیە غەیری بەپێچی پەل پەل داوی
حەیات"!

لای (نیچە) مەرگ سمبولی ژیانێکیترە، سمبولی ژیانێکی ئازادو سەربەست و ڕزگاربوونە لە هەموو کێشەو میحنەتەکانی ژیان، لای (نیچە) ژیان لەناو خودی مەرگدا ئامادەگیی هەیە، لەناو مەرگدا بوونی خۆی تەواو دەکات، (نیچە) مردن بەبەشێکی دانەبڕاو و جیانەکراوە لەژیان دادەنێت و هەرگیز لێکیان جودا ناکاتەوە، لای (نیچە) دوو جۆر مردن هەیە، مردنی ئاسایی ئەو مردنەیە کە بەهۆی پیریی و کەنەفتیی سەر جێگاوە مرۆڤ توشی دەبێت زەلیلانە ڕێگای دەگرێتە بەر و بەسەرشۆڕی و چۆکدادانەوە تەسلیم دەبێت، بەڵام (نیچە) مەرگی دووەم کە ئەو مەرگەیە مرۆڤ کاتێک هەست دەکات کە پڕبووەو لەژیان و لە حەقیقەت دەڕژێت و وا هەستدەکات کە ئیتر تەواو بووە و بونییەتی تەواو بووەو ئەو کاتە مرۆڤ مردنێکی شەرافەتمەندانە هەڵدەبژێرێت و بە هۆیەوە دەگاتە لوتکەی پڕبوون کە لای (بوزییەکان) بە (نیرڤانا) دادەنرێت، کە (سۆپەرمان) بەکوڕی ئەم جۆرە مردنە دادەنرێت و دوایی لە سوڕی (گەڕانەوەی سەرمەدیدا) بوونی خۆی تەواو دەکات و ڕۆحی خۆی پڕدەکات لەژیان.

(نیچە) خۆی لەسـەر زمانی (زەردەشـت)ەوە دەڵێت: " ئەو مەرگەم چەند جوانە کە من خۆم هەڵیدەبژێرم، ئەو مەرگەی لەسەر خواستی خۆمە، بەڵام داخۆ چ کاتێ شایستەی ئەوەیە تیایدا مرۆڤ داوای مـەرگ بکا "[١٨] بۆیە (نیچە) بەو مردنە بە حەقیقەت ترو ڕاستەقینەترو مەزنتر دادەنێت کە مرۆڤ خۆی هەڵی دەبژێرێت و بە هۆیەوە لە ژیاندا پڕ دەبێت و لەناو ژیاندا مەرگ ئەبینێتەوە، ئەمەش لای سۆفیەکان بەئاشکرا ئەم مەرگە حزوری هەیە، تەنانەت سۆفیەکان ئەم مەرگە بەبەرزتر دادەنێن لـەژیـان و وەک سمیورخێک لـەناو گـرو کڵپەی خواناسیی خۆیاندا دەسوتێن و قەقنەس ئاساییانە لەناو بوونی خـودادا دەتوێنەوە و دەبنە بەشێک لەو کە بە زاراوەی (فنافی للە) ناسراوە یان (فنافی الحق) کە (مەنسوری حەلاج) لەسەری خوێنی خۆی ڕشتە سەر لاپەڕە زێڕینەکانی مێژوو.

بۆیە (نیچە) داوای ئەو جۆرە مەرگە شەرافەتمەندانەیە دەکات و پێمان ڕادەگەیەنێت کە لە کاتێکی گونجاودا بمرین. (مەحوی) ش دەیەوێت لەکاتێکی گونجاودا بمرێت پێش ئەوەی پیریی ڕووتی کاتەوە لەژیان و بەکۆکەکۆک و زەلیلانە لەبەردەم مەرگی موستەحیلدا چۆکدابداو کۆیلانە لەبەردەم مردندا خۆی ببینێتەوەو مردن بەئارەزووی خۆی ژیانی پڕ بکات لە نەبوون و لە هیچ بووندا سەرنگومی بکات، بۆیە (مەحوی) مەرگێکی گونجاوی دەوێت وەک ئەوەی (نیچە) بانگەشەی بۆ دەکات، کە مەرگی (مەنسور)ە.

هەتا حەق ناصیرە، هەرحەقمە مەنصور
وەکو مەنصور ئەگەر بمکەن بـــەدارا

لە ڕووی فەلسەفیشەوە (هایدگەر) بەم جۆرە باس لە مردن دەکات و دەڵێت: "مردن گونجاوی بوونی مرۆڤە، دەزانین لەمردندا مرۆڤ بەرامبەر خۆی بەپڕی و بە هەموو توانایەوە ڕادەوەستێت، ئەم گونجاوییەی بوونی مرۆڤ بەستراوە بە بوون لەناو جیهاندا، مردن گونجاندنی نەبوونی ئەم بوونەیە لێرەدا "[١٩] * هەر (هایدگەر) سەبارەت بە (مەرگ) دەڵێت ؛" مردن گونجاندنێکی نەگونجاندنێکی ڕەهایە بۆ مرۆڤ، لەبەر ئەمە مردن وەک و دواگونــجاوی خۆی دەردەخات کە سەرو پەیوەندیەکان دەکەوێ[٢٠]

بۆیە (هایدگەر) (مردن) بەگونجاندنی نەگونجاندنی بوونی مرۆڤ دادەنێت و مردن پڕیەتی بۆشی مرۆڤ یان پوچیەتی بیری مرۆڤە وەکو لە (نیرڤانا) دەبینرێت و لە (فنافی للە) خۆی نمایشت دەکات، مرۆڤ لە مردندا بوونی خۆی تەواو دەکات و کلێشەی بوونییەتی خۆی بەجێدێڵێت و بوونی خۆی تەواو پڕدەکاتەوەو بەبێ مردن مرۆڤ (بوون) ێکی ناتەواوی هەیە (بوونێکی) نوقسان و نیمچە نەبوونی هەیە بە (مردن) (بوون) تەواو دەبێت و حەقیقەتی پڕاوپڕی وەردەگرێت

بەو هەمووە تاڵیەوە شەربەتی مەرگ، ئەهلی
حەیا
خۆش گەورەترە ئێستە لەشەکراوی
حـــــەیـــات

بۆیە لای (مەحوی) ش مردن پلەیەکی گەورەی هەیە، پلەیەک کە لە (مردندا) مرۆڤ لەگەڵ خواوەندی خۆیدا یەک دەگرێتەوەو ئەو خوداوەندەی کە پێشتر مراندبوویان و ئامێرو درۆو عەبدانی وەکو (چار) و (قەراڵ)یان کردبوو بە شەریکی و سوێندی درۆیان پێدەخوارد، بۆیە ئێستا لەمردندا لەگەڵ سمبولی هەموو ڕازە یونیڤێرساڵیەکاندا یەک دەگرنەوەو لەگەڵ لۆگۆسی تەواوی هەموو بونیادەکان پێکەوە دەبەسرێنەوەو سمبولی مۆڕاڵ، سمبولی پاکی، سمبولی ئایین، سمبولی جەوهەر، سمبولی حەقیقەت، کە هەموویان ڕیشاڵێکن و لەناوجەرگەی خوداوەندا هەڵدەقوڵێت..

بۆیە (ئەهلی حەیا) لای (مەحوی) و (سۆپەرمان) لای (نیچە) لەکاتی گونجاوی خۆیاندا مردن هەڵدەبژێرن و مردنێکی بەشەرفمەندانە بەسەر دەبەن و ( بوون)ی خۆیان وەکو میتۆدێکی فەلسەفیی تەواو دەکەن و لەناو جەوهەری هەموو بوونە بنەڕەتیەکانی تردایە کە یەک دەگرنەوەو ئەگەرچی ئەو پاڵنەرەی پاڵ بە (ئەهلی حەیا) ی (مەحوی)ەوە دەنێن یان (خودا) پێداوەکانەوە دەنێت بۆ هەڵبژاردنی مەرگ، پاڵنەرێکی ئەخلاقیی و مۆڕاڵیی بێت و (سۆپەرمان) ی (نیچە) پاڵنەرێکی فەلسەفیی و مەعریفیەکی قووڵ بێت

" مردنێکی لەبەر ئەو قاپیەدا مەردانە
بەخوا چاترە ئەمرۆ لەگلاراوی حەیات"!

مرۆڤی باڵا (سۆپەرمان) مرۆڤێکە خۆی بەسەر هەموو مۆڕاڵ و میتۆدە دینیی و ئەخلاقییەکاندا بازدەدات و هەموویان دەخاتە ژێرپێی و مرۆڤێکە لەمەیمونی (داروین) نەکەوتووەتەوە، بەڵکو مرۆڤێکە بێ مۆڕاڵ بێ خوا بێ جەوهەر تەواویشە،

سەیر لەوەدایە (سۆپەرمان) مۆراڵی تایبەت بەخۆی هەیەو دژی هەموو مۆراڵەکانیترە وە (نیچە) (ناپلیۆن و ئەسکەندەر) بە (سۆپەرمان) دادەنێت و (زەردەشت) ئەو فەیلەسوفەی کەناڕۆژئاواییە کە لە (گەڕانەوەی سەرمەدیی)دا دەگەڕێتەوە بەباوکی (مرۆڤی باڵا) دادەنرێت، (نیچە) خۆی لە (ئاوای وت زەردەشت)دا دەڵێت: ئەو کڵپە ئاگرە لە کوێیە، تا پاکتان بکاتەوە، ئەو شێتایەتییە لەکوێیە کە دەبێت دەست بەسەرتانابگرێت؟ ئەوە ئێستا باسی (سۆپەرمان)تان بۆ دەکەم؟ (سۆپەرمان) جگە لەو گڕو کڵپەو ئاگرو شێتایەتیە هیچی دیکەنییە. [٢١]

کەواتە (سۆپەرمان) مرۆڤێکە جێگەی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەگرێت و هیچ ئایین و فەلسەفەیەکی میتافیزیکی ناتوانێت لۆگۆشی کۆیلە بکات و لەناو بە مێگەلبوونی جڤاتدا بتوێتەوە.

ئەمڕۆ لەکن زەمانە هونەر بووەتە قەشمەری
شێری ژیانی بۆچیە (مەیمونییە) گەرەک

فیطرەت بڵندو پایە بڵندیم نەدی بەگوێش
گەردون ئەوەندە دوونە کە هەر دوونییە گەرەک

بۆیە لێرەدا (مەحوی) داوای هاتن و چاوەڕوانیی ئەو سۆپەرمانە (ئەهلی حەیا – خوداپێدراو– شێر) دەکات تابێت و ژیان لەناو چنگی نهلیستیەت دەربێنێت و ئەقڵ پاکبکاتەوە لە خڵتەی مرۆڤی هیچ لەبار نەبوو و بودەڵەو مەیمونی چنگی (داروین)، ئەوداوای (سۆپەرمان)ێک دەکات دووربێت لەو مەیمونەو پاشماوەی نەگەڕێتەوە بۆ ئاژەڵ لە ڕووی سلوکەوەو دەیەوێت مرۆڤێک بێتە کایەوە سەرتاپای پربێت لە پری، لە مردنەوە ئەو پریەتیەی وەرگرتبێت و لەگەڕانەوەیەکی سەرمەدیانەدا کە دێتەوەو هەمیشە وەکو بونەوەرێک بژی و ژیان پربکات لەخۆشی و کەرامەت و جوامێریی و غروریی و ویستی هێز.

بۆیە لێرەدا (مەحوی) ناڕەزایەتیی خۆی دەردەبڕێت و بەوە کە ژیان پڕبووە لە مرۆڤی کورتەباڵاو نەسڵی مەیمون و مرۆڤی خراپ و (دوون ئاسا) بۆیە چاوەڕێی هاتنی (سۆپەرمان) دەکات.

(نیچە) دەنووسێت: "لەکاتێکی شیاودا بمرە، بەڕاستی ئەوەی لە کاتێکی شیاودا نەژی چۆن دەتوانێت لەکاتێکی شیاودا بمرێت . [٢٢]

بۆیە (مردن) ئەو پرۆسەیەیە کە مرۆڤی بوودەڵ دەباتەوەو لەجێی ئەو مرۆڤی باڵا (سۆپەرمان) دێت و ژیان پردەکات لە هێز. (ویستی هێز) خاسیەتێکی گرنگی ئەو مرۆڤە باڵایەیە و بە ویستی هێز بەسەر هەموو کەندەڵاندا سەردەکەوێت و بەسەر خاشاکی جەستەی کۆیلەبووندا هەنگاوی فراوان و درێژ دەنێت.

(بابەک ئەحمەدی) دەڵێت: "ویستی هێز تەماشاکردنێکی ئایندەیە، سۆپەرمان لەئایندەدایە"[٢٣]، بۆیە لای (مەحوی)ش چاوەڕوانی ئایندەیەو ڕوو ی کردووەتە دواڕۆژ تا جیهان خاڵی بێتەوە لەمرۆڤی چکۆلەو ویستی هێز دەست بەسەر جیهاندا بگرێت و ئەو سۆپەرمانە نەبێت کە خودی مۆراڵ لایان گەمەیەکی بێزارکەرەو مۆراڵی خۆیانە مۆراڵێکە پرە لەپاکی و لە هێز.

"دەرچوو لەحەددی غایەعرووجی دەجاجیلە
یاڕەبی تۆبکەی کە بکا عیسایەک نزول"

بۆیە (مەحوی) داوادەکات (عیسا)یەک کە لێرەدا بەهەموو مەدلوول و ماناو دەلالەتێک ئەگەر خەون و یۆتۆپیایەکی ئایینی بێت یان خەیاڵی مەعریفی (نیچە) بێت (عیسا) ڕەمزی (سۆپەرمان) ە لەبەرئەوەی (عیسا) لەو سەردەمەی تێیدا دێتە خوارەوە هەموو مۆراڵەکان کە خۆی لە ئەخلاقی لەدین دەرچووەکان (جولەکە) دەبینێتەوە دێتەوە سەر زەوی، تابۆکان دەشکێنێت کە خۆی لەیاساو مۆراڵە خورافیەکانیاندا دەبینێتەوە دەبێتە مرۆڤێک کە هەموو هێز دەجاجیلەو یاجوج و ماجوجەکان

کە هەموو ئەمانە دەرچووی نەسلی مەیمونن دەسرێتەوەو مێژووی مرۆڤایەتی دەبێتە مێژووی (سۆپەرمان) کە سمبولی (عیسا) یە، چونکە مرۆڤێکە هەموو تابۆ مۆڕاڵیەکانی ئەو سەردەمە وردو خاش دەکات و هەموویان دەسڕێتەوە بە (ویستی هێز) جیهان پڕدەکات لە داد. بۆیە لای (نیچە) ویستی ژیان بریتییە لە (بوون) بوونیش هەرویستە (ویستیش) هەر بریتیە لە (ویستی هێز) خەسڵەتێکی تری (سۆپەرمان) (ئەو گەڕانەوە سەرمەدییە) و ئەو (ویستی هێزە)ی کە لای (نیچە) لەناو جەوهەری بەنیهلیزم بوونەوە هەڵدەقوڵێت بێبەریکردنی ئافرەتە لێی، بەڵکو ئافرەت فڕێ دەداتە دەرەوەو وەک چون تەنها بە مەڵبەندی زاوزێی دادەنێت ئاواش لەگەڵ کۆیلەو مرۆڤە بودەڵەکاندا (نیچە) ئافرەتیش دەهێنێتە ڕیزەوەو هەمان خەسڵەتی (ئەرستۆ) لە مێژووی مەعریفە دووبارە دەبێتەوە. پیرەژن بە (زەردەشت) دەڵێت: " ئەوە بزانە کە چویتە لای ژن شوڵەکەت بیرنەچێت ". [٢٤]

هەربۆیە (نیچە) هەموو گرێ دەروونییەکانی خۆی چ لە سەرنەکەوتن لە عەشقی (لۆسالۆمی) و دڵداری لەگەڵ ژنی (ڤاگنەر) (کۆزیما) ئەم تێزە بەسەر ئافرەتاندا پراکتیزە دەکات و لەناو فەلسەفەکەیدا دەیکاتە دەرەوەو دووبارە ناهێڵێت لەناو مێژووی فیکردا جێگەی بۆبکرێتەوە، بەڵکو لە دەرەوە وەک کۆیلە فڕێی دەداتە دەرەوەو لەناو ئەخلاقی مێگەلدا دەیتوێنێتەوەو سیفەتی بەرزە مرۆڤی لێ مەحروم دەکات و لەمێژووی فەلسەفەکەیدا دەیکات بەکۆیلەیەکیتر.

(نیچە) تراژیدیایانە (ئافرەت) لە سیفەتی (سۆپەرمان) بوون دەخاتە دەرەوە و جارێکیتر شەربەتی بێهیوایی دەرخوارد دەدات، ئەویش لەوە دەچێت کە بگەڕێتەوە بۆ دەروونە جەنجاڵیەکەی و بۆ گۆشەگیری و ئازارە سەختەکانی ژیانی کە بۆ ساتێ دەروونیان بەرنەداو لەکونجێکی گۆشەگیریدا خەساندیان و بەتەواوی ژیانیان لێکرد بەژەهر، هۆی کردنە دەرەوەی ئافرەت لە فەلسەفەی (نیچە)دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئافرەت (ویستی هێزی) لاوازەو ئەو هێزەنییە کە بتوانێت سیفەتی (سۆپەرمان) بوون لەهەناویدا بارگاوی بکات و بتوانێت شەرەفمەندانە بگاتە ئەو مرۆڤەی کە بتوانێت خۆی لە ئەخلاق و مۆڕاڵ و بەها کۆمەڵایەتیەکان بەدوور بخات و بتوانێت بەبێ یەزدان و بەبێ جەوهەر بژی، بۆیە ملکەچبوونی ئافرەت بۆ بەها مێگەلیەکان (بەبڕوای نیچە) ئافرەت لە سیفەتی (بەرزە مرۆڤ) بوون مەحروم دەکات و ناتوانێت بە هیچ جۆرێک شانازی بە ڕەگەزی خۆیەوە بکات، دیارە سیفەتە دەروونییەکانی (نیچە) و نەخۆشی و گۆشەگیری و کەللەڕەقی و بێزاریی لە ژیان و سوڕانەوەی بەکێو و دەشتە چۆڵەکانی (ئەلب) و زاهیدانە ژیان و ژن نەهێنان کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی ئەوە بوو کە ئەو تێزە ڕەشبینە بەرامبەر بە ئافرەت نیشانبدات و ئافرەت فڕێبداتە ناو قەهرەوە.

(نیچە) لە (ئاوای وت زەردەشت)دا دەڵێت:" هەموو شتێکی ژن پەردەکەیەو ئەو شتانەی ژن تەنها یەک چارەی هەیە ئەویش سک پڕییە".

هەر ( نیچە) دەڵێت:"ژن دەبێت گوێڕایەڵ بێت هەتا بۆ سەرابی خۆی قووڵاییەک بدۆزێتەوە، دەروونی ژن سەرابە، توێژێکی بزۆک و لەسەر تەنکاوێک، بەڵام دەروونی پیاو قووڵەو ڕووبارەکەی لە ئەشکەوتەکانی ژێر زەویدا هاژەی دێت، ژن هەست بە هێزی دەکا بەڵام تێیناگات ".

لەم پەرەگرافانەدا هەستی (نیچە)مان بۆ دەردەکەوێت بەرامبەر ئافرەت کە چەند بە دوودڵییەوە دەڕوانێتە توانای ژن و سەرسەختانە لێی دواوەو تەنها بە کارگەی خستنەوەی لەزەت و وەچە سەیری کردووەو بەبێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت کە شانازی بە (ویستی هێز) ەوە بکات و ناسنامەی (سۆپەرمان) بوونی خۆی ڕابگەیەنێت، (مەحوی) یش ئاشکرایە وەک پیاوێکی خواناس و دوودڵ و بێزارو بە میحنەت لە ژیان پیاوێکی غەمبارو و دڵ ئازاردراو لە ژیان و پیاوێک لەژێر

لێوەوە قسەکانی دەکردو هەتا سەر ئێسقان لە ژێر پەردەوە حەسرەتەکانی هەڵدەڕشت و پیاوێک پڕ پڕ لە نهێنی و پڕ پڕ لەشەفەقی ئازاری کۆمەڵگەو پیاوێک هەتا لێی نزیک بوویتایەتەوە زیاتر لێی بەهرەمەند دەبووی.

وەکو مامۆستا (گۆران) دەڵێت: " (مەحوی) شاعیرێک بووە لە ژیانی خۆیدا دڵتەنگ، هەمیشە هەوڵیداوە قسەکانی لە ژێر پەردەوە بکات ".

بۆیە (مەحوی) وەکو کوڕی ئەو جڤاتە و وەکو یاخی بویەک لە بەرامبەر ئافرەتدا هەمان بیرو ڕای جڤات بڵاو دەکاتەوەو هەمان تێڕوانین و هەمان بۆچوون دەردەبڕێت، کە لە شیعرەکانیدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەویش ئافرەتی تەنها بۆ بەرهەم هێنانی منداڵ و کارگەی زاووزێ سەیر کردووەو هەندێ جار نەک قامچی، داری توندی ڕەخنەی بەسەریدا داوە.

"هەی لە ژن کەمتر موعطەطەل بۆچی نەی ژەن لێدە نەی
ساقیا ساقت شکێ بەس ڕابوەستە بێنە مـــــەی"!

لەو شیعرانەدا کە (مەحوی) باسی ئافرەت (ژن) ی کردووە، زۆربەی جار وشەی (دنیا) لەو دێڕە حزوری هەیە، هەمیشە (دنیا) چوێنراوە بە (ئافرەت) یان بە پێچەوانەوە ( ژن) شوبهێنراوە بە ( دنیا)، ئاشکراشە کە (دنیا) لە (فەرهەنگی) سۆفیگەریدا چەند قێزەون و چەند گڵاو و چەند بەسوک و ڕسواییەوە تەماشا کراوە، ئالێرەوە بۆچوونی (مەحوی) مان سەبارەت بە ئافرەت بۆ ڕووندەبێتەوە.

"چـیە دنیا ژنێکە هەر شەوی سەد سک بە صەدفێتنە
سبەینێ زوو بەخوێنی جەرگی ئەهلی دڵ دەکا بەبێزوو
تـــالەماڵی دەرنەکردووی ئەم شەوە سەد شـــوکەرە
(مەحوی) ئازانە بـــدە تۆ سێ بە سێ دنیا طەڵاق.!"

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


١) نیتشە .د فـواد زكـريـا، القـاهـره، ١٩٥٦، ص١٥٣.

٢) عصر ایدولوجیا، هنری ایکن، ت/محی الدین صبحی، بیروت ١٩٨٢. ص١٤٨.

٣) تحطیم عقل، جورج لوکاش، ت/ الیاس مرقص. الجزء الثانی. بیروت ١٩٨١. ص١٢٠.

٤) عصر ایدولوجیا، المصدر السابق، ص١٤٩

٥) الفلسفه فی عصر الماساوی الیونانی، نیتشه. ت/ د. سهیل القش، بیروت، ص٨

٦) انک الانسان، نیتشه، ت. رویا منجم، چاپی دووەم، تهران ص ٢٦ _ ٢٧.

٧) نیتشه، یانکو لافرین، ت. جۆرج حجا، بیروت، ١٩٧٣. ص١٢١.

٨) نیتشه، عبدالرحمن بـدوی، مکتبه النهضه العربیه. ١٩٥٦ / ص٣٠ _٣١.

٩) قصه الفلسفیه، ویل دورانت. ت. فتح لله محمد المشمشع. ص٥٥٣.

١٠) دیـوانی مـەحـوی، مـەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەد مەلا کەریم، بەغداد ١٩٨٣/ ص١٥.

١١) الوجودیه، جون ماکوری، ت. د. امام عبدالقام امام، الکویت ١٩٨٢. ص٣٩.

١٢) ارنست یونکر، عبوراز خط، ص٥٣.

١٣) چنین گفت زردشت، نیتشه. ت. داریوش اشوری، تهران. ص٦٥.

١٤) بوون و داهێنان، د. محمد کمال. سلێمانی، ٢٠٠٤ ل. ١٨٤.

١٥) اینست یونکر، هـ س. پ. ص٣٤.

١٦) نیتشه، فواد زکریا، المصدر السابق ص٣٩.

١٧) فلسفه نيتشه، ايفن فنك. ت / الياس بديوى. ١٩٧٤. ص١٧٩.
١٨) هذا تكلم زردشت. نيتشه ت؟ فليكس فارس. بيروت. ص٩٨.
١٩) بوون و داهێنان، ل. ١٤٧.
٢٠) هـ س. پ. ل. ١٥٢.
٢١) هذا تكلم زردشت، المصدر السابق، ص. ٣٤ _ ٣٥.
٢٢) چنين گفت زردشت هـ س. پ. ص١٠٠.
٢٣ بابک احمدی، مدرنيته وانه يشەی انتقادی، تهران. ص٣٥.
٢٤) هذا تكلم زردشت، المصدر السابق، ص.٩٢.



مەحوی